دەستگیرکردنی دوو گەشتیار کە بڕێك ماددەی هۆشبەرییان پێبوو لە دەروازەی شەلامچە



ئەمڕۆ چوارشەممە، دەستەی دەروازە سنووریەکان دەستگیرکردنی دوو گەشتیار کە بڕێك ماددەی هۆشبەرییان پێبوو لە دەروازەی شەلامچە ڕاگەیاند. دەستەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: بەڕێوەبەرایەتی دەروازەی سنووری شەلامچە توانی دوو گەشتیاری بیانی کە بڕی (400) گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵیان پێبوو دەستگیر بکات. ئاماژەی بۆشکرد: ئێپڕاسیۆنی دەستگیرکردنەکە لەلایەن ئێندامانی بنکەی پۆلیسی گومرگ و ئێندامانی بەڕێوەبەرایەتیمان و هێزی پاراستنی دەروازەکان و فەرمانگەی دژگای هەواگری نیشتمانی ئێنجامدراوە. ئاشکراشیکرد: ڕاپۆرتی دەستگیرکردن ئامادەکراوە و تۆمەتبار و کەلوپەلەکانی دەستبەسەرداگیراو ڕاوانی بنکەی پۆلیسی گومرگی شەلامچە کران بۆ گرتنبەری ڕێوشوێنی یاسایی گونجاو.